# عیـراق

## پەخشـــنامەی ســــندووقی فــراوانی بەدەنگەوەهــاتنی مرۆڤایەتی (ERF)

**ژمارە 17- شوبات 2009**

**سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی (ERF):** سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤـایـەتی بــە ئامـا نجی یارمـەتی دانــی پڕکردنـەوەی بۆشـایی مرۆڤایەتی هەرە گرنگە لە نێوان کەرتە جیاجیاکان لە ڕێگای پارەبەخشینی ساناى ئامادەی بەردەست بۆ بەدەنگەوەهاتنی کتوپڕ بەمەبەستی: 1. ڕزگارکردنی ژیـان و پاراستنی ئەو ژیانانەی هەڕەشەی لێکراوە، 2. دابین کردنی پێداویستی مرۆڤایەتی سەرەکی بۆ ماوەی کەم، 3. بەدەنگـەوەهاتنی بـاری ناکـاوی مرۆڤایـەتی ئـاڵۆزی کتوپڕ. ئەوپەڕی بەخشین 400,000 دۆلارە. داهاتەکانی ERF دابینی پێداویستیەکان دەکات کە لە ئە نجامی کارەساتی سروشتی یا کێشە پەیوەندارەکان بە شەڕو ناکۆکی دێتە ئاراوە.

## زانیاری تازەی کردەنی

### سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی (ERF)

***پڕۆژە و باری دارایی:***

پێنج پڕۆژەی ERF جێبەجێ دەکرێت لـە کۆتـایی شـوباتی 2009؛ یەکێکیان پڕۆژەیەکی کەل و پـەلی نـاخۆراکی لـە بەغـدا و دووی تـر لـە دیالە، و پڕۆژەیەکی ئاو لە نەینەوا و پڕۆژەیـەکی پاراسـتن لـە بەغـدا. بەگشتی، لیژنـەی پێداچـوونەوەی تـەکنیکی (TRC) سـەر بـە ERF 51 پێشنیاری پڕۆژەی پەسەند کردووە لەوەتی 2007.

سەد و نۆزدە چالاکی کە بریتی بوون لە تەندروستی و ئاو و خۆراك و کەل و پەلی ناخۆراکی ئە نجامدراوە لە سەرانسەری عیراق کە ژمارەی زۆریـان لـە بەغدا (26)، و دیالە (13)، و کەربەلا (10)، و بابل/ نەجـەف (8) بوو. لەم پڕۆژە پەسەند کراو و پارە پێ بەخشراوەنەدا، 46 تەواوکراوە، و پانزە پـڕۆژە بـە سـەرجەمی گوژمـەی نزیکـەی 2,212,000 دۆلار ئێستا لە ژێـر پێداچـوونەوە دایـە. دوو و پـڕۆژە لـە گـەڵ 23 چـالاکی ئە نجامدرا لە مانگی شوبات.

| کەرت | شوێن/ پارێزگا | ژمارە و جۆری سوودمەندان | گوژمەی داواکراو (دۆلار) | بار- لەژێر پێداچوونەوەیە/ پەسەندکراو |
|---|---|---|---|---|
| ڤێرکردن | بەغدا | 3485 منداڵی قوتابخانە | 188,573 | لەژێر دوایین پێداچوونەوەیە |
| ڤێرکردن و تەندروستی | نەجەف | 3250 منداڵی قوتابخانە و 51,250 نەخۆش | 253,438 | لەژێر دوایین پێداچوونەوەیە |
| ئاو | نەینەوا | 450 خێزان (150 ڕاگوێزراو، 300 کۆمەڵگای میواندار) | 140,570 | لەژێر دوایین پێداچوونەوەیە |
| پەناگە | کەرکوك | 477 خێزانی ڕاگوێزراو کە ئافرەت بەڕێوەی دەبات | 164,123 | لەژێر دوایین پێداچوونەوەیە |
| پەناگە، خۆراك | کەرکوك | 347 خێزان (137 ڕاگوێزراو، 126 کۆمەڵگای میواندار، و 48 گەڕاوە) | 48,775 | لەژێر دوایین پێداچوونەوەیە |
| کشتوکاڵ | دهۆك | 664 خێزان (92 ڕاگوێزراو، 203 کۆمەڵگای میواندار، و 369 گەڕاوە) | 233,550 | لەژێر دوایین پێداچوونەوەیە |
| کشتوکاڵ | زی قار | 1000 خێزان | 43,140 | لەژێر دوایین پێداچوونەوەیە |
| پەناگە | زی قار | 1000 خێزانی ڕاگوێزراو و کۆمەڵگای میواندار و گەڕاوە) | 200,000 | کێشراوە تا لەلایەن IOM سەرقات بکرێت |
| پەناگە، خۆراك | زی قار | 250 خێزانی ڕاگوێزراو و گەڕاوە | 30,000 | لەژێر پێداچوونەوەدایە |
| تەندروستی | دیالە | 505 تاك | 124,650 | لەژێر پێداچوونەوەدایە |
| **کۆی گشتی** | | **4188 خێزان (505 پەککەوتە، 6735 منداڵی قوتابخانە، و 51,250 نەخۆش)** | **1,426,819** | |

**هاوبەشی بەخشەرەکان بۆ ERF**




**باری دارایی ERF**




کۆی گشتی بەخشینە وەرگیراوەکان: $21,864,766

بالانسی ئێستا $13,774,875 (دوای داشکاندنی 3٪ بۆ بەڕێوەبردنی سندووق)

OCHA United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs

**لێژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TRC)**

**لێژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی پێکهاتووە لە نوێنەرانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNICEF و IOM)، و بەخشەرەکان (ئیتاڵیا و نەرویژ)، و ڕێکخراوە ناحکومیەکان (ئەنجوومەنی پەنابەرانی دانیمارکی (DRC) و تیر دێز ئۆم (TDH).لالیژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TRC) پەیمانی ERF ی بژاردکراو پەسەند کرد.**

## چەند ڕاستیەك دەربارەی سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتن ERF:

- ERF هەڵدەستێت بە بەخشینی پارە بە شێوەیەکی خێرا بە ڕێکخراوە نیشتمانی و نێودەوڵەتیەکان بۆ هەڵسان بە کاری مرۆڤایەتی دەستبەجێ لە عیراق بەمەبەستی کەمکردنەوەی کێشە و ئازاری هاوڵاتیان لە ڕێگای بەدەنگەوەهاتنی دەستبەجێی پێداویستیە مرۆڤایەتیەکان. سوودمەندانی نموونەیی پرۆژەکانی لەلایەن **ERF** گوژمەی بۆ دەدرێت بریتین، وەك نموونە، لە خەڵکی ڕاگوێزراو و کۆمەڵگا کارتێکراوەکان بەهۆی توندوتیژی و بێوەژن و خەڵکی پەککەوتە. ئەمەو مەبەستی ERF بەدەنگەوەهاتنی کێشەی کۆمەڵایەتی درێژخایەن یا ئاوەدان کردنەوە یا هەر پێداویستەیەکی گەشەسەندنی درێژخایەنی تر نیە.
- ERF هەوڵدەدات پارە بۆ سندووقەکە دابین بکات لە ڕێگەی بەخشینی تازە لەسەر بنچینەیەکی بەردەوام. سندووقەکە بەلای زۆر 400,000 دۆلار و بەلای کەم 25,000 دۆلار دەبەخشێت بۆ هەر پرۆژەیەك.
- پارە بەخشینەکان بە ERF بە شێوەیەکی کۆکراوە و دیاری نەکراو ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت، واتە ناسنامەی بەخشەر وون دەبێت.

## <u>گۆڕانکاری لە سندووقی بەدەنگەوەهاتنی کتوپڕ</u>

پرۆسەی پێداچوونەوەی بەڕێوەبردنی ERF بەردەوامە. ئەم گۆڕانکاریە سەرەکیانەی خوارەوە پەسەندکرا لەلایەن لیژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی بەمەبەستی باشترکردنی چوستی و کاریگەری سندووقەکە.

- ئامانج و پێوەرەکانی پرۆژە: هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە، و هەڵسەنگاندن و مەشق کردنەکان قبوڵ دەکرێت تەنها ئەگەر هاتوو دەستێوەردانی مرۆڤایەتی بەهێزترکات و بەشێکی سەرەکی پێك بێنێت لە بودجەی گشتی ئەو پرۆژەی مەبەستە.
- سنووری کات: ERF هیچی تر پابەند نابێت بە سنووری کات. دەبێت ماوەی سندووق دیاری بکرێت بە پێی پێداویستیەکانی لە ئارادان و بەردەستی پارە.
- ڕۆڵی دیارتر بۆ هەر نوێنەرێك: پابەندێتی لە هەر نوێنەرێك ئێستا بە درێژی دیاری کراوە. هاوکات، لە گەڵ داواکاری سەرەتایی پێویستە پێشنیارێکی تەواو پێشکەش بکرێت نەك تەنها کورتەیەك دەربارەی چەمکەکە. ئەمەش دانراوە بۆ خێراکردنی پێداچوونەوە و پەسەندکردنی پرۆژە. ووردەکاری سنووری کات بۆ پرۆسەی پێشکەش کردنی پرۆژە و پەسەندکردنی دانراوە و/یا بەهێزکراوە.
- ڕۆڵی نووسینگەی ڕێکخستنی کاری مرۆڤایەتی OCHA لە دیاری کردنی شیان و پێوەری سەرەکی - ڕۆڵی OCHA لە دیاری کردنی شیانی پرۆژەیەك بۆ پارەدان پتەوکراوە. ڕێکخەری مرۆڤایەتی (HC) بۆی هەیە داوای پێشنیار بکات لە کاتی ڕووداوی کتوپڕی مرۆڤایەتی ئاڵۆزی لەناکاو، و سنووری کات کەم بکاتەوە بۆ نیوە.
- ڕۆڵی تیمەکانی بەرهەمی کەرت (SOT/s): دەبێت پرۆژەکان بەگوێرەی پێشینەییەکانی کەرت بێت و بەدەنگەوەهاتنی بەردەوام دووبارە نەکەنەوە. زیاتر لەمەش، تێبینی تەکنیکی لە نێوانیدا ئەوەی پەیوەندی بە بودجەوەش هەیە لەلایەن SOT/s ەوە پێشکەش دەکرێت.
- ڕۆڵی لێژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TRC): TRC زانیاری تەکنیکی پێشکەش دەکات بە ڕێکخەری مرۆڤایەتی لەوانە دەربارەی پرۆژە ڕەتکراوەکانیش.
- ئەحکامە داراییەکان/ تێچووەکانی کارگێڕی: تێچووەکانی کارگێڕی لە 5٪ وەستاوە بۆ گشت پرۆژەکان، و ئەحکامەکانی بەدەستهێنانی سەرچاوەی جێگیر لابردرا، و بەشی کتوپڕی بودجەی پرژۆە کەم کرایەوە لە 5٪ بۆ 3٪. پرۆژەکانی پرۆسەی بانگەوازی یەکگرتوو لێکۆڵینەوەی لێ دەکرێت بۆ ئەوەی لەلایەن ERF ەوە پارەی پێبدرێت، ئەمەش بەمەرجێك کە بەدواداچوونێکی دارایی تەواو هەبێت و بەخشەرەکانیش بەگوێرەی ئەو ئاگادار بکرێنەوە بۆ دوورکەوتنەوە لە دووبارە پارەدان.
- هەڵسەنگاندنی خێرای پێداویستیەکان و سنوورەکانی زیان پێگەیشتن: داخیل کراوە بە نیشاندەری ڕوون بۆ زیان پێگەیشتن.
- شی کردنەوەی بۆشایی پێداویستی عەمبارکراوی مرۆڤایەتی: دا خیل کراوە بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ یەکەی شی کردنەوەی زانیاری (IAU) بۆ دیاری کردنی پێویست بوون بە دانانی کەل و پەلی عەمباکراو بۆ باری ناکاوی.
- چاودێری کردن و هەڵسەنگاندن: چاودێری کردن لە لایەن هاوبەشە جێبەجێکارەکان ئەنجام دەدرێت، بەڵام هەڵسەنگاندنی پرۆژەکانی ERF لە لایەن قەوارەیەکی دەرەکی ئەنجام دەدرێت. هەڵسەنگاندنەکە لەسەر نموونەیەکی نوێنەرێك بۆ سەرجەم پرۆژەکانی ERF.
- مەشق کردن: مەشق کردن لەسەر بەکارهێنانی پرۆسەی گەشەسەندنی پرۆژەی نوێ لە ناو عیراق و لە عەممان ئەنجام دەدرێت.

*(بۆ زانیاری زیاتر، تکایە بڕوانە پەیمانی ERF، کە دەست دەکەوێت لە OCHA عیراق لە ڕێگای ئیمێلی ochairaq@un.org) . دۆکیومێنت و ڕێنماییە کۆتاییەکان، کە فۆڕمی داواکردنی پارەش دەگرێتەوە، بەم زووانە بەردەست دەبێت لە بەشێکی تەرخانکراو لە وێبسایتی OCHA عیراق (www.ochairaq.org).*

## بەهاناهاتنی دەستبەجێ بۆ خێزانە راگوێزراوەکان لە پارێزگاکانی بەغدا و ئەنبار

بە پێی هەڵسەنگاندنی گشتگیری زیان پێگەیشتن و خۆراک دەستەبەری ڕێکخراوی WFP لە 2008، زیاتر لە 10٪ خێزانە عیراق ئافرەت بەڕێوەی دەبات، بەهۆی کوشتن یا وونبوونی پیاوان لە ئاکامی چەند ساڵەی شەڕوپێکدادان. ئەم کێشەیە زۆر سەختە بەتایبەتی لە ناوچەکانی شەڕ تیایدا بەتینە.

ئافرەت و منداڵ ناچارکران لەم ناوچانە رابکەن، زۆربەیان بە سامانێکی کەم ئەگەر هەبێت و بێ بەشن لە هۆکارەکانی ئازووقە. هەلی کارکردن لە کەمترین ئاست لۆ ئەو کۆمەڵگا زیان پێگەیشتووانە و گەیشتن بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، لەوانە خۆراک و ئاو، پچڕپچڕە لە باشترین باردا. کۆمەڵگا میواندارەکان توانایان کەمە بۆ حەوانەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی راگوێزراو و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیە سەرەکیە سنووردارەکانیش خراونەتە ژێر ئەرکێکی سەختەوە. زۆر لە راگوێزراوەکان بۆ پەناگە لە بینایە حکومیە وازلێهێنراوەکان و پەیکەری چۆڵی تر دەگەڕێن.

پرۆژەی بەهاناهاتنی دەستبەجێ بۆ خێزانە راگوێزراوەکان ئەنجام درا لەلایەن ڕێکخراوی یارمەتی ئیسلامی کە یارمەتی خۆراک و کەل و پەلی ناخۆراکی بەخشی بۆ 2100 خێزانی راگوێزراو لە پارێزگاکانی بەغدا و ئەنبار لە هاوینی 2008. پرۆژەکە مەبەستی خەڵکی راگوێزراوی زیان پێگەیشتوو کە تۆمار نەکراون لە گەڵ خێزانەکانی کۆمەڵگا میواندارەکان بوو کە جەختیشی لەسەر ئافرەتان و منداڵان بوو. ئەو خێزانانەی ئافرەت بەڕێوەی دەبات پێشخرابوون. پێنج ڕێکخراوی ناحکومی ناوخۆیی کاریان کرد وەک هاوبەشی جێبەجێکار بۆ وەرگرتنی بەخشین – چوار لە بەغدا و یەک لە ئەنبار.



*لەیلا مەجید خۆراک و کەل و پەلی ناخۆراکی وەردەگرێت لە ڕێکخراوی یارمەتی ئیسلامی لە بەغدا. وەسف کردن، گەرهەبێت*

سوودمەندان بانگکران لە چوار ناوچەی بەغدا – عەدل و دۆرە و مەحمودییە و سەدر. لە دوو ناوچەی یەکەم تۆمارکردنی خێزان بەناوی ئافرەت قەدەغەیە بەهۆی داب و نەریتی ناوخۆیی، بۆیە سوودمەندان دەبوایە بە ناوی ئەندامێکی نێری خێزان یا خزمێك یا دراوسێکی متمانە پێکراو تۆماربکرێن. یارمەتیەکان پێشکەش کران. گشت دابەشکردنەکان ئەنجام درا بە ئامادەبوونی نوێنەرانی کارگێری ناوچەکان.

لەیلا یەکێکە لە سوودمەندەکانی پرۆژە. لەیلا کە دایکی چوار منداڵە لە ئەیلوولی 2006 راگوێزرا. مێردەکەی کە شۆفێری تەکسی بوو و تاکە بەخێوکەری خێزان بوو رفێندرا و کوژرا لە شاری سەدر لە بەغدا. لەیلا دەستی کرد بە فرۆشتنی سەوزە لە بەردەم ماڵی خۆی بەڵام داهاتەکەی ئەم کارە بەدەگمەن بەشی پێداویستیە سەرەکیەکانی خێزانەکەی دەکرد. کچە گەورەکەی لەیلا کە لە پۆلی سێ یە لەگەڵ دیکی کاردەکات دوای قوتابخانە تا یارمەتی خێزانەکەی بدات.

سوودمەندان خۆراک و کەل و پەلی ناخۆراکیان پێ بەخشرا بۆ دابین کردنی رادەی کەمی 2,100 ك/ کالۆری بۆ ماوەی یەك مانگ لە کاتێکدا کە هەوڵی دۆزینەوەی چارەی درێژخایەن تر دەدرا (واتا سیستەمی دابەشکرنی گشتی).

## پرۆسەی بانگەوازی یەکگرتووی 2008 و 2009

بانگەوازی یەکگرتوو 2008، کە داوای 274,253,721 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی دەکات (بژاردکراو) بۆ کارە مرۆڤایەتیەکان لە عیراق گەیشتۆتە 78٪. تەرخانکردنی پارە بۆ هەر کەرتێك لە خشتەیەك رووونکراوەتەوە لە لاپەڕەی داهاتوو. سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی ERF داوای 20 ملیۆن دۆلاری کرد و 76,7٪ وەرگرت (15,334,110 ملیۆن دۆلار، لەنێوانیاندا 15 ملیۆن دۆلار لە سندووقی متمانەی عیراقی).

بانگەوازی یەکگرتووی 2009 بۆ عیراق داوای 192,334,256 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی دەکات بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی خەڵکی راگوێزراوی ناوخۆ و عیراقی تری زیان پێگەیشتوو لە ناوەوەی وولاتدا (کۆڵەکە 1) هەروەها بڕی 355,008,505 ملیۆن دۆلاری تر (کۆڵەکە 2) بۆ بەدەنگەوەهاتنی پێداویستیە مرۆڤایەتیەکانی زیاتر لە 2 ملیۆن پەناهەندەی عیراقی لە سوریا، و ئەردەن، و لوبنان، میسر، و تورکیا، و ئێران، و وولاتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو، هەروەها بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی بۆ پەناهەدەی فەلەستینی و ئێرانی و تورکی و هی تر لە عیراق. بۆ زانیاری زیاتر تکایە بڕوانە سایتی http://ochairaq.org/cap2009 .

تا ئێستا 5,528,793 ملیۆن دۆلار (3٪) وەرگیراوە بۆ بانگەوازی 2009.

### پارەدانی CAP 2008 بە پێی کەرت:

| کەرت | پارەدان |
|---|---|
| کشتوکاڵ/دەستەبەرکردنی خۆراك: | 1,3 ملیۆن دۆلار (17٪) |
| خزمەتگوزاریەکانی ڕێکخستن و پاڵپشتی کردن: | 8,2 ملیۆن دۆلار (116٪) |
| فێرکردن: | 4,7 ملیۆن دۆلار (24٪) |
| خۆراك: | 83 ملیۆن دۆلار (84٪) |
| تەندروستی و خۆراك پێدان: | 19,4 ملیۆن دۆلار (59٪) |
| نیشتەجێ کردن و پەناگە: | 25 ملیۆن دۆلار (63٪) |
| پاراستن/مافی مرۆڤ/ سالاری یاسا: | 17,2 ملیۆن دۆلار (67٪) |
| کەرتی تا ئێستا دیاری نەکراو (لەوانە ERF): | 33,2 ملیۆن دۆلار (166٪) |
| ئاو و ئاوەڕۆکان: | 15,6 ملیۆن دۆلار (72٪) |

*بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پارەدانی پرۆسەی بانگەوازی یەکگرتووی عیراق CAP 2008، تکایە سەردانی ئەم سایتە بکە:*
http://ocha.unog.ch/fts2/pageloader.aspx?page=emerg-emergencyDetails&appealID=808

## پاشکۆ 1

## پارێزگاکان و چالاکیە پەسەندکراوەکانی ERF (تا شوباتی 2009)




دانراوە لە لایەن OCHA شوباتی 2009

# پاشکۆ 2

## پرۆسەی پەسەندکردنی پرۆژەی بژاردکراو و کاتی دیاری کردن

نەتەوە یەکگرتووەکان

## سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی بۆ عیراق

## پرۆسەی پێداچوونەوەی پێشنیاری پرۆژەکانی ERF[1]

**داواکار**
پێشکەش کردنی پێشنیار بۆ OCHA

**پرۆژەکە پێداچوونەوەی لەسەرکرا لەلایەن OCHA و نێردرا بۆ SOT/s یا دەگەڕێندرێتەوە لەماوەی چوار رۆژی کاردا**

**پرۆژەکە پێداچوونەوەی لەسەرکرا لەلایەن SOT/s و نێردرا بۆ TRC لەماوەی چوار رۆژی کاردا**

**نووسینی راسپاردەکان لەلایەن TRC بۆ HC لەماوەی 4 رۆژی کاردا**

**ئەگەر پێشنیارەکە نێردراوە بۆ داواکار بۆ گۆڕانکاری، ئەوا دەبێت دانە بژاردکراوەمە بنێردرێت بۆ OCHA کاتیانە لە ماوەی چوار رۆژی کاردا**

**نووسینی راسپاردەکان لەلایەن TRC بۆ HC لەماوەی 2 رۆژی کاردا**

**پەسەندکردن/رەتکردنەوەی پێشنیارەکە لەلایەن HC لە ماوەی 1 رۆژی کاردا**

**OCHA ئاگاداری داواکار دەکاتەوە بە پەسەندکردن، و دڵنیادەبێت لە ئیمزایەکانی MoU و بەڵگەنامە پەیوەندارەکانی تر، و داوای ناردنی پارەکە دەکات لە ماوەی 4 رۆژی کاردا.**

**80% ی پارەکە نێردرا لەلایەن ئاژانسی بەرێوەبەر**

**٪20 ی تر خەرج دەکرێت بە پێی پەسەندکردنی هەواڵی کۆتایی و راپۆرتی دارایی لەلایەن OCHA**

*شیان و پێوەرە سەرەکییەکان*

*گونجاندن لەگەڵ پێشینە مرۆڤایەتیەکان و چارەسەرکردنی بۆشاییە مرۆڤایەتیەکان ئامۆژگاری تەکنیکی*

*پێوەرەکانی پێداچوونەوەی تەکنیکی*

**پرۆسەی پەسەندکردن**

**پرۆسەی خەرج کردن**

[1] پرۆسەی پەسەندکردن نزیکەی 17 رۆژی کار دەخایەنێت ئەگەرهاتوو هیچ گۆڕانکاریەك داوانەکرا و 23 رۆژی کار یا زیاتر (بەگوێرەی داواکاریەکانی TRC و/یا وەڵامی داواکاران) ئەگەر پێداچوونەوە پێویست بوو لەلایەن OCHA و/یا TRC. لە حاڵەتی تەنگ و چەڵەمەی مرۆڤایەتی ئاڵۆز و ناکاو، بەپێی داواکاری HC، پرۆسەی پەسەندکردنەکە کەمدەکرێتەوە بۆ نیوە. پرۆسەی پارە خەرج کردن لە 2-3 هەفتە دەخایەنێت بەگوێرەی سەرچاوەی پارەکان (OCHA یا ITF).

United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs

# پاشکۆ 3

## بژاردکراو: شیان، و پێوەرە تەکنیکی و سەرەکیەکانی هەڵبژاردنی پرۆژە

ڕێکخراوی ناحکومی نێودەوڵەتی و ناوخۆ، و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ کردن (IOM)، و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانن پێشنیاری پرۆژە پێشکەش بکەن بە ERF.

### أ. پێوەرەکانی شیانی داواکار

1. پێویستە گشت داواکاران: (أ) تۆمارکرابن بەشێوەیەکی فەرمی لە وولاتەکانی خۆیان، (ب) بەیاننامەیەکی نێردراوی فەرمی (پەیمان) بۆ ڕێکخراوەکەیان، (ج) بەڵگەنامە پێشکەش بکات کە پشتگیری ئەزموونی جێبەجێ کردنی پرۆژە بە هەمان قەبارە و لە هەمان بوار لەو کەرتانەی داواکاری پارەدانیان پێشکەش دەکرێت.

***داواکاری زیاتر بۆ ڕێکخراوە ناحکومیە نیشتمانیەکان***

2. نامەی راسپاردن[2] یا ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی جێبەجێ کردن (لەسەر پرۆژەی ئەنجام دراو لەم دواییەی) کە ئیمزا کرابێت لەلایەن ئاژانسێکی UN، یا ڕێکخراوێکی ناحکومی نێودەوڵتی، یا بەخشەری نێودەوڵەتی. (نامەی راسپاردن یا ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنەکە دەبێت تیشك بخاتە سەر: توانای جێبەجێکردن (کەرتەکانی دەستێوەردان و بودجە کە جێبەجێ کراوە)، دەستێوەردانی سەرکەوتوو (لە گەڵ ڕاپۆرت دانانی گونجاویش)، لەگەڵ ڕەنگدانەوەی ئیجابی سوودمەندانەوە.

### ب. پێوەرە سەرەکیەکانی هەڵبژاردنی پێشنیارەکانی پرۆژە

3. دەبێت ڕێکخراوە داواکارەکان شێوازی پێشنیاری پرۆژەی پێوەری بەکاربهێنن بۆ پێشکەش کردنی پرۆژە. داواکارییەکان دەکرێت پێشکەش بکرێن بە زمانی ئینگلیزی یا عەرەبی.
4. دەبێت پرۆژەکان پشتگیری کارە مرۆڤایەتیەکان بکەن بۆ دڵنیابوون لە شیاوی لەگەڵ ئامانجەکانی ERF.
5. دەبێت بودجەی پرۆژە گونجاوبێت لەگەڵ توانای جێبەجێکردنی ئێستای داواکار لە کەرتی پەیوەندار (بە پاڵپشت بە دەستێوەردانی جێبەجێکراوی پێشوو).
6. ماوەی پرۆژە بۆ ئەوپەڕی ماوەی نۆ مانگ دەبێت (لە بەرواری وەرگتنی پارە لەلایەن هاوبەشی جێبەجێکار دەست پێدەکات).
7. سندووقەکە بەشێوەیەکی ئاسایی ئەوپەڕی **400,000 دۆلار دەبەخشێت بۆ هەر پرۆژەیەك**. لە بارودۆخی هەڵاوێردوو، HC بۆی هەیە بەخشینی زیاتر لەم سنوورە پەسەند بکات بە پێی راوێژکاری پێش وەخت و ڕەزامەندی بەخشەرانی سندووقەکە کە بەخشینەکانیان زۆرینەی پارەکان پێك دەهێنێت (TRC بۆی هەیە پارەدانی کەمتر لە بڕی داواکراو بۆ هەر برگەیەك یا بە گشتی بسپێری). **کەمترین بڕی بەخشین 25,000 دۆلارە**.
8. داواکاری بۆ پێشنیاری نوێ ڕەچاو ناکرێت لەلایەن هەر داواکارێك بێت تاکو پرۆژەکانی پارەی لەلایەن ERF ەوە پێ دەدرێت بە تەواوی ئەنجام نەدرێت، ئەمەش دابین کردنی گشت پابەندێتیەکانی دارایی و ووردکاری کردن و ڕاپۆرتی چیرۆکی دەگرێتەوە. ڕەچاوکردنی پرۆژە هاوکاتەکان لەلایەن داواکارە دووبارەبووەکان دەگەڕێتەوە بۆ رای TRC.

### ج. پێوەرە تەکنیکیەکانی هەڵبژاردنی پرۆژە

- دەبێت داواکاران بسەلمێنن کە پرۆژەکان چارەسەری بارێکی ناکاوی دیار یا پێشخەریەکی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی دەکەن (جا چ جوگرافی یا کەرتی) لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی باوەڕپێکراو بە پێ بەڵگە[3].
- دەبێت پرۆژەی پێشنیارکراو شیاو بێت لەگەڵ هێلکاریەکانی زیان پێگەیشتن کە لەلایەن OCHA/IAU دابین دەکرێت بۆ TRC وەك ڕێنماییەك. TRC دەتوانێت ئەو پرۆژانە پەسەندکات کە سەرەڕای ئەوەی دابین کردنی پێداویستیەکان یا شوێنەکانی دیاری نەکراوە وەك پێشخراو لە هێلکاریەکان بەمەرجێك پاساوی تەواو بۆ دەستێوەردان پێشکەش بکرێت.
- ئەو پرۆژانەی داواکاران کە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە توانا و کارامەیی تەواو و ئامادەبوون و تۆمارێکی باش لە بواری یارمەتی دانی بەپلان دەسەلمێنێت بە پێشخەری ڕەچاو دەکرێن.
- بەمەبەستی پتەوکردنی هەماهەنگی کردن و ڕێزگرتن، راوێژکاری پێشوەخت لە نێوان داواکاران و تیمی ئەنجامی کەرتی تەکنیکی پەیوەندار و هاوتاکانی دەسەڵاتی نیشتمانی بە پێویست دادەنرێت بەر لە پێشکەش کردنی پرۆژەکە بۆ شانەی بەڕێوەبردنی سندووقی OCHA بۆ جێبەجێ کردنی. ئەو پێشنیارانەی چارەسەری تەنگ و چەڵەمەی مرۆڤایەتی ئاڵۆزی ناکاو دەکەن پێشخەری ڕەچاودەکرێن.

***بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ERF، تکایە پەیوەندی بکە بە:***

لینا سونناع، خاڵی پەیوەندی ERF sunna@un.org یا یاسەمین ڕۆکینفیلەر سەرۆکی ئۆفیسی OCHA rockenfeller@un.org

تکایە سەردانی وێبسایتی OCHA عیراق بکە بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی دەستبەجێ www.ochairaq.org

---

[2] نامەکە دەبێت پێشکەش بکرێت لەسەر ئاستی بڕیاردانی گونجاو لەناو ڕێکخراوەکەدا، بەتایبەتی بەڕێوەبەری وولات یا هاوتاکەی.

[3] لە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و ڕاپۆرتەکانی حکومەت یا UN یا ڕێکخراوی نێودەوڵەتی تر. لە کاتی نەبوونی زانیاری بتوەرپێکراوی لاوەکی لەسەر زیان پێگەیشتنی سوودمەندان، داواکاران دەبێت هەڵسەنگاندنی خێرا ئەنجام بدەن.